سەماحەتی حەکیم لە پێنجەمین کۆنگرەی سەنتەری عیراق بۆ تۆژینەوەکان: شەهید میحراب نموونەیەکی نایابی جیهاد و زانست و پڕوردە بوو



بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی بڕیاری لە پێنجەمین کۆنگرەی سەنتەری عیراق بۆ تۆژینەوەکان کرد کە لە ژێر دروشمی (خانەوادەی ئال حەکیم، خانەوادەی جیهاد و زانست و پڕوردە) و بە ناونیشانی ڕێی جیهادی شەهید میحراب سەید محەمەد باقر ئەلحەکیم (نهێنی پارێزراو بێت)، سەرتا بەڕێزیان سوپاسی سەرپەرشتیارانی کۆنگرەکەی کرد و ستایشی ئەو دەستپێشخەرییەی کرد کە تیشکی خستۆتە سەر کەسایەتییەکی نیشتمانی و زانستی و جیهادی نایاب لە میژووی عێراقی هاوچەرخدا.

لەم بارەیەوە لە گوتەیەکدا بەڕێز حەکیم باسی گرنگترین سیفاتی شەهید میحرابی کرد خوا لێی ڕازی بێت و گوتی کە کەسایەتییەك بوو چەندین سیفەتی نایابی لەخۆ گرتبوو، ئاماژەی بۆوشکرد کە زۆر بە کەمکوپڕکی کاتی خۆی یەك دەخست لەکاری دەزگاش هەر بەم شێوەیە بوو، هەروەها ئاگایی لە بەردەوامبوونی پڕۆژە و ئەو بەرنامانەی بۆخۆی بڕیاری کردبوون، جگە لە پشت بەستنی تەواوی بە خودای گەورە، ئەوەش لە گوتە و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە بەرجەستە دەکرا..
بەڕێز حەکیم جەختی لەوە کردەوە کە شەهیدی میحراب پڕوردەکارێکی ئاستقینە بووە کە نموونەیەك لە گەنجانی پڕوردە کردووە کە لەگەڵ پڕۆژەکە گەورە بوون و پڕۆژەکە لەگەڵیاندا گەشەی کردوە و خەسڵەتی خۆن و ئارامگرتن و خۆڕاگری هەبوو سەرەڕای ئامانج و ئاستەنگە گەورەکان، هەروەها ئاماژەی بۆدا کە سوور بوون لەسەر بەردەوامبوونی پڕۆژەکە تەنانەت لە تاریکترین هەلومەرجیشدا تا گوتی (ئەگەر لەبەرامبەر ستەمکاراندا بتوانیا بمێنمەوە، دەستبەرداری هەوڵی ڕزگارکردنی گەلەکەمان لێستم و زەرداری نابم).

ئەوەشی خستەڕوو کە شەهیدی میحراب هەمیشە لە دژی دیکتاتۆرییەت بووە و خاوەن دیدێکی ستراتیژی بووە و خۆی لە ململانێ لاوەکییەکان دوور خستۆتەوە تا بەشێوەی ئاشتیانە ڕێکەوتن هەبێت، هەروەها جەختی لەسەر ئەوڵەویەت کردووتەوە بە پابەندبوون بە شەرعییەتی کاری سیاسی و جیهادی و چەکی هەڵنەگرتووە تاوەکو هەموو ڕێگە ئاشتیخوازەکان بەکار نەهێناوە و ئاماژەی بۆوشکرد کە ئەو بەچوونە جیهادییەی لە ژیاننامەی پڕشنگدارێ پیرۆز و بنەماڵە پاکەکەیەوە وەرگیراوە...
سەماحەتی ڕوونی کردەوە کە شەهید میحراب گرنگیەکی گەورەی بە جیهانی ڕوونکردنەوە داوە و داوای کردوە مافەکان بدرێن، بڕیاری سیاسی بکرێت و ئاوەدان کردنەوە و فیرکردن و پێشخستنی تەکنەلۆژیا هەبێت چونکە هەموویان کاری جیهادین و خزمەتی مرۆڤ و کۆمەڵگە دەکەن.
لەکۆتاییدا بەڕێز حەکیم لە گوتەکەی دووپاتی کردەوە کە پابەندبوونی شەهید میحراب بە دەسەڵاتینی

بەهێز بوو ئەو پێی وابوو کە کێبسی مەرکەزی هەموو موسڵمانانە وەرای ئەوەی ئەو کاتە عیراق بە دژکی سەخت تێپەڕ دەبوو لەرەش رێی سەرکردایەتی پابەن\ی خۆی لە دەسی نەتەوە بەرجەستە دەکرد..